# سیاسەتی وەبەرهێنان مامەڵـ

**«گەرچی لەبواری بیزنسکاریی خاوەنی یاسای وەبەرهێنانین، هەرێمی کوردستانیش ژینگەیەکی لەبارە بۆ ئابووری بازاڕ، بەڵام خاوەنی تاقیکردنەوەو ئەزموونێکی دەوڵەمەند نین»**



**بیزنسکارانی کوردستان لە ئابووری هەرێم دا رۆڵێکی سەرەکیان نییە**

دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان و بوونی زیاتر لە ١٠ هەزار کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانیی و بڕی نزیکەی دەیان ملیار دۆلار لەپارەی هەڵسوڕاو لە کوردستاندا، هەرێمەکەیان خستۆتە بارودۆخێکی ئابووری پێشکەوتووی جیاوازەوە، لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا بەبـــڕی ١٦ ملیار دۆلار مۆڵەت دراوە بە ١٧٤ پرۆژەی وەبەرهێنانی ئابووری و بەدەیان پرۆژەی تر کە وەك هەلی وەبەرهێنـــان خراوەتە بەردەم بیزنســـکاران و کۆمپانیاکان تاوەکو پرۆژەی ســـتراتیژی ئابـــووری لە هەرێمەکەدا ئەنجام بـــدەن، ئەمەش بوارەکانی (کشـــتوکاڵ و ئاژەڵداریی و پیشەسازی و خزمەتگوزاریی و گەشـــتیاری و نیشـــتەجێبوون و خوێندنی نموونەیـــی و رێگاوبان و هێڵی ئاســـنین)ی لەخۆگرتووە،

کەرتی تایبەت و بیزنسکاران لە هەرێمی کوردستان بەراورد بەستانداردە نێودەوڵەتییەکان لە ئاستێکی باشدا نییە

زۆر لەکێشەو ئاستەنگە یاسایی و کارگێڕییەکان دۆخێکی ژینگەیی خراپی بۆ وەبەرهێنان و بیزنسکاران لێکەوتۆتەوەو، پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە

# ـــەكردنە لەگەڵ بیزنسكاراندا

زیادبوونی وەبەرهێنانی ناوخۆیی هاوكاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەكانیش لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەركە بۆ زیاتر لە٢٠ ملیار دۆلار بەرزبووەتەوەو هەریەك لە توركیا بە ١٠ ملیارو ئێران بە ٧ ملیار دۆلار بەشدارن، ئەم دەستكەوت و هەوڵانە لەگەڵ پێشكەوتنە ئابوورییەكەو لەپاڵ گەشەكردن بەسیستەمی دیموكراسی هاوكات بوو كە وایانكرد زیاتر لە ١٥ وڵاتی جیهان كونسوڵخانەو نووسینگەكانیان لە پایتەختی كوردستان بكەنەوە، لەلایەكی ترەوە كەرتی پیشەسازی تارادەیەك و بەشێوەیەكی كەمتر هەلی وەبەرهێنانی دەستكەوت، لەساڵی ٢٠٠٨ەوە تاكو ئێستا تەنیا ٣٥٠ كارگەی بچووكی جۆراوجۆر دروستكراون كە ٢٩٨١ كەس كاریان تێدا دەكەن، ئەمەش بەراورد بەقەبارەی وەبەرهێنان و پارەی هەڵسوڕاو لەناو هەرێمەكەدا ئاستێكی نزم نیشان دەدات، لەگەڵ ئەم پەرەپێدانی كاروپرۆژانەدا كە لەكابینەی یەكگرتووی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام ئێستاكە پێویست بەوە دەكات یاساو شێوازی مامەڵەكردن لەگەڵ بیزنس دا بگۆڕین، هاتنی ئەو هەموو كۆمپانیاو بیزنسكارە بیانیە بۆ كوردستان كارێكی باشە، بۆ نموونە پێنج ساڵ لەمەوبەر تەنیا ٣٥٠٠ كۆمپانیا لە كوردستان بوونیان هەبووە، ئێستاكە بەهۆی زیادبوونی هەلەكانی وەبەرهێنان و كاركردن و باشبوونی تارادەیەكی ئابووری هەرێمەكە ژمارەی كۆمپانیاكان گەیشتە زیاتر لە ١٠ هەزار كۆمپانیا، كە تەنیا لەساڵی رابردوودا ١٧٠٠ كۆمپانیای خۆماڵی و ١٥٣ كۆمپانیای بیانی لقیان لەهەرێمی كوردستان كردەوە، چونكە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی متمانە هەیە لەكوردستان و دەتوانن كار بكەن، ئەمە هاندەرێكە بۆ ئەوەی شێوازی مامەڵەكردنمان لەگەڵ بیزنس و وەبەرهێنان بگۆڕین، لەمەودوا بەمەرج و رێنمایی و كوالێتیەوە پێشوازی لەوەبەرهێنە بیانیەكان بكەین، یاساكانی كێبڕكێ و نەهێشتنی قۆرخكاری و پاراستنی مافی بەكارهێنەرو دەیان یاسای تر بۆ رێكخستنی ئابووری بازاڕ دەربكەین و، سیستەمی چاودێری و بەدواداچوون و لێپرسینەوەی توند بگرینەبەر، ناكرێت كۆمپانیا هەبێت دوو ساڵ كارەكەی لە وادەی خۆی تێپەڕیووەو جێبەجێی نەكردبێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەكرێت! بۆ دەبێت خاوەنی ٨٠ هەزار بازرگان و پیشەسازیكارو ١٠ هەزار كۆمپانیا بین كەچی كەرتی تایبەت رۆڵی كارای لە ئابووری كوردستاندا نەبێت؟ بۆ دەبێت خراپ مامەڵەكردن لەناو ئەم بازاڕە وا لە هاوڵاتییان بكات سیستەمی ئابووری بازاڕیان بەدڵ نەبێت؟ دەیان ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم گەیشتنمانە بۆ ئابووری بازاڕو جێبەجێكردنی سیستەم و فەلسەفەی نوێی بەهێزی ئابووری. یاسای وەبەرهێنان هەنگاوێكی گەورە بوو بۆ ئەو قۆناغەی رابردوو، ئەمڕۆ پێویستە بەكۆمپانیاو بیزنسكارانی بیانی و ناوخۆیی بڵێین:

پێداویستی و خواستی ئابووری هەرێمەكەیە بوارەكانی وەبەرهێنان و شێوازی جێبەجێكردنەكەتان بۆ دیاری دەكات، دەبێت بیزنسكار بێت و بڵێ چیتان دەوێت؟ دەمانەوێت وەبەرهێنانەكان جیددی بن و كێشەی نیشتەجێبوونمان بۆ چارەسەر بكات، دەمانەوێت پرۆژە وەبەرهێنانەكەی دەست و هەلی كار دابین بكات و رۆڵی لە چارەسەركردنی كێشەی بێكاری هەبێت، نەك پرۆژەیەك ئەنجام بدرێت و بەستراتیژی دانرێت و بەرهەمهێن و خزمەتگوزاری نەبێت و یەك دوو كارمەندوو كرێكاری ناوخۆیی تێدا كار نەكەن. عێراق كەئێمە هەرێمێكین لەو وڵاتەدا خاوەنی زیاتر لەیەك ملیۆن و ٤٠٦ هەزار بێكارە هەندێك لە ئامارو زانیارییەكانیش ئەوە دەخەنە روو كە رێژەی بێكاری لە هەرێمی كوردستان ٢٥٪ بێت و ئابووریناسانیش مەترسی زیادبوونی ئەو رێژەیە دەكەن، وەبەرهێنان بۆ پەرەپێدانی ئابووری و دابینكردنی هەلی كارە نەك تەنیا بۆ پڕكردنی گیرفانی وەبەرهێن و هیچ حسابێك بۆ بەرژەوەندی گشتی نەكرێت، وەبەرهێنەری بیانی هەیە پرۆژەی نیشتەجێبوون دەكات و یەك دۆلاری لە دەرەوەی وڵات نەهێناوەو تەنیا بەپارەو داهاتی ناوخۆی هەرێمەكە كارەكە ئەنجام دەدات و بە قەرزو سولفەی حكومەت و پارەی هاووڵاتیان پرۆژەی وەبەرهێنان دەكات! لەبەرامبەردا پێویستە حكومەت لە بازاڕو ئابووری دا دۆخێكی لەبار بۆ تاك و وەبەرهێنەكە بڕەخسێنێت و یاساكان بچەسپێنێت و سەروەریان بكات، بەپێی قۆناغەكە گۆڕانكاری و هەمواركردن

لەمانگی تەمووزی داهاتوو كۆنفرانسێكی فراوان بەمەبەستی چارەسەركردنی كێشەكانی بازرگان و پیشەسازیكاران و بەڵێندەرایەتی و گەشتوگوزار لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێت

لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا بەبڕی ١٦ ملیار دۆلار مۆڵەت دراوە بە ١٧٤ پرۆژەی وەبەرهێنانی ئابووری



لەیاساکانی بازاڕو وەبەرهێنان دا بکرێت، بۆ ئەوەی بیزنسکارانی کوردستان ئینتماو نیشتمانپەروەرییان دەرکەوێت پێویستە ڕۆڵی کارایان هەبێت و حکومەت هەروەکو چۆن هاوکارو یارمەتیدەریانە هەرواش چاودێرو لێپرسینەوەشیان لەگەڵدا بکات.

**لەکاتێکدا بانگەشەی ئابووری بازاڕ دەکەین کەچی حکومەت بەژمارەی فەرمانبەرولەخەرجیدا قەبەتر دەکەین**

پێش ٥ ساڵ لەمەوبەر کاتێك بەرەو ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی هەنگاو نرا، یاساو ڕێنماییە ئابوورییەکان بۆ ئەوکات هەنگاوێکی گەورەو باش بوو، ئەو کات لەپێناوهاتن و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی تەواوی ئازادی و بڕیار دەدرایە وەبەرهێنەرەکان،، کابینەی پێنجەم سەرکەوتوو بوو لە دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرە بیانییەکان، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بارودۆخەکە جیاوازەو سەدان کۆمپانیای بیانی ڕوویان لە هەرێمەکە کردووە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە چاوخشاندنەوەیەك بەیاساو ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان و مامەڵەکردنمان لەگەڵ کەرتی بیزنس بخشێنینەوە؟ تاچەند سەرکەوتووین لەمامەڵەکردن لەگەڵ بیزنزکارەکانی جیهان ؟ بیزنزکارە ناوخۆییەکان مەرجی بیزنزکارییان تێدایە بەهاوشێوەی بیزنزکارە بیانییەکان، هەرێمی کوردستان لەبواری بیزنزکاری گەرچی خاوەنی یاسای وەبەرهێنان و ژینگەیەکی لەبارە، بەڵام خاوەنی تاقیکردنەوەو ئەزموونێکی دەوڵەمەند نییە، ئاساییە فەرهەنگی ئابووریمان لەو بوارەدا نەبێت بەوەی نەزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ بیزنس بکەین، بۆ دەبێت لە کاتێکدا بانگەشەی ئابووری بازاڕ دەکەین کەچی حکومەت قەبەتربکرێت؟ ڕاستە لەسیستەمی ئابووری بازاڕ دەوڵەت و حکومەتی بەهێز بوونیان هەیە، بەڵام حکومەتێکی بنکە فراوان و قەبە نین کەهەموو دەستی کاری پێویست بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەتی قۆرخ کردبێت، یان بواری بۆ کارکردن و بەشداریکردنی زۆرینە لە پرۆسەی ئابووری نەهێشتبێتەوە..

**هەرێمی کوردستان لەبواری بیزنسکاری گەرچی خاوەنی یاسای وەبەرهێنان و ژینگەیەکی لەبارین، بەڵام خاوەنی تاقیکردنەوەو ئەزموونێکی دەوڵەمەند نین**

**ناکرێت بانگەشەی کەرتی تایبەت بکەین و تادێت حکومەت گەورەترو قەبەتر بکرێت**

**ئامانجە ستراتیژییەکانی هەرێم پێمان دەڵێت: مامەڵەکردنمان لەگەڵ بیزنس بگۆڕین**

حکومەتی هەرێم ئامانجی وایە داهاتی تاکەکەسی لە ماوەی ١٠ ساڵدا بگەیەنێتە ١٠ هەزار دۆلارو لەنزیك ساڵەکانی ٢٠١٥ ئاستی کێبرکێکردن بۆ دروستکردنی پرۆژەی ئابووری زیاد بکات و تێچوونی پرۆژەکان کەم بکاتەوەو لەماوەی ٥ ساڵیشدا ڕێژەی بێکاری بۆ ٥٪ کەم بکاتەوەو ساڵانەش ١٠٠ هەزار هەلی کار دابین بکات، ئەمە جگە لە باش کردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەیی و خوێندن و کەمکردنەوەی کۆچکردن و کارکردن بۆ گەڕانەوەی توانا ناوخۆییەکان کەمکردنەوەی نیوەی ڕێژەی ئەو کەسانەی لە خوار هێڵی هەژارییەوەن لەماوەی پێنج ساڵدا، ئەم هەنگاوانە هاوکاتە لەگەڵ دەیان ئامانجی تری پێوەندیدار بە پەرەپێدانی بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کەهەر هەمووی بەتەنیا بەحکومەت ئەنجام نادرێت، بێ ئەوەی کەرتی تایبەت و بیزنسکارانی ناوخۆو بیانی ڕۆڵی جیدی و کارایان نەبێت لە پرۆسەی ئابووریدا.

پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەرتی بیزنس بکەین ؟ بۆ ئەوەی وەبەرهێنان جۆراو جۆر بکەین و لەئابووری یەکلایەنەی نەوتەوە دەربازی بێت و، ڕووبکاتە فرەیی سەرچاوەکانی وەبەرهێنان و زیادبوونی توانای ئابووری و دابینکردنی هەلیکار، کەرتی بیزنس لەئابوورییەکی یەك لایەنە و تاکە سەرچاوەی پێترۆل گەشە ناکات و نابێتە ئابوورییەکی بەرهەمهێن، بۆ ئەم مەبەستە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هەریەك لەبەڕێزان دارا جەلیل خەیات سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان و دکتۆر نەبیل ئەلعەزاری پسپۆری بواری بەڕێوەبردنی بیزنس و دانوستاندنە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان . لێرەدا پوختەی وەڵامەکانیان بڵاو دەکەینەوە:

**دارا جەلیل خەیات سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان و کونسوڵی فەخری وڵاتی دانیمارك:**

## هەنگاونان بەرەو پەیڕەوکردنی فەلسەفەو سیاسەتی ئابووری بازاڕ وایکردووە ژمارەی بازرگان و پیشەسازیکاران لە هەرێمدا ببێتە ٨٠ هەزار کەس

لەهەرێمی کوردستان خاوەنی ٨٠ هەزار ئەندامین کەتەنیا لە ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر نزیکەی ٢٥ هەزار ئەندام هەیە، ئەندامانی ژوور لە خاوەن پیشەسازییەکان و بازرگان و سەرۆك و بەرپرسی کۆمپانیاکان پێکهاتووە، خستنە ڕووی ئەم ژمارەیە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە بیزنسکارانی کوردستان چەند زیادیکردووە، ژمارەی بازرگان و پیشەسازیکاران کە ئەوانیش وەکو بیزنسکارن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لەزیادبوون دەکات، ئەمەش نیشانەیەکە بۆ باش بوونی بارودۆخی بژێوی ژیانی تاکەکەسی و پەرەپێدان و پێشکەوتنی بارودۆخی ئابووری لە هەرێمەکەدا، هەنگاو نان بەرەو پەیڕەوکردنی فەلسەفەو سیاسەتی ئابووری بازاڕ وایکردووە ژمارەی بازرگان و پیشەسازیکاران لە هەرێمدا بۆ ٨٠ هەزار کەس زیاد بکات. لەگەڵ ئەمەشدا پێم وایە ئەم ژمارە زۆرە ڕۆڵێکی فراوان و کارگەریان نەدراوەتێ، بەهۆی نەگەیشتنمان بەبنەماکانی ئابووری بازاڕ و لە زۆر شوێن و بواردا مەرکەزییەتی ئابووری پەیڕەو دەکرێت، کە بەمیراتی لە عێراقەوە بۆمان ماوەتەوەو حکومەتی عێراق جێبەجێی دەکرد و تاکو ئەمڕۆ بانگەشەکارانی هەیە و بڕوایان بە حوکمڕانییەك هەیە پارێزگاری لە سیستەمی مەرکەزییەت بکات، بێ ئەوەی گوێبدەنە ئەو فیدرالیییەتەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە لەم هەرێمەدا تارادەیەك هەنگاو بەرەو گەیشتن بە ئابووری بازاڕ دەنرێت، ئەو سیستەمەی لەسەرجەم وڵاتانی دنیای پێشکەوتوو پەیڕەو دەکرێت و زامنی گەشەپێدانێکی خێراو بەهێزە، بۆیە لەهەرێمی کوردستان هەنگاوی جیدی بۆ ئەو مەبەستە دەنرێت، وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا تاکو ئێستا



نەگەیشتووینەتە پەیڕەوکردنی هەموو بنەماو فەلسەفەو سیستەمەکانی ئەو شێوە ئابوورییە. لەمانگی تەمووزی داهاتوو کۆنفرانسێکی فراوان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی بازرگان و پیشەسازیکاران و بەڵێندەرایەتی و گەشتوگوزار لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێت.

سەبارەت بەو کێشەو گرفتەی کە تووشی گەشەی کەرتی تایبەت بووە و ڕێگرە لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە ئابوورییەکان

دارا جەلیل خەیات پێی وابوو: گەورە بوونی ئاسۆیی و قەبەیی حکومەت کێشەیەکی گەورەی لێکەوتۆتەوەو وایکردووە کەسانی بەتواناو شارەزا ئامادە نەبن لە کەرتی تایبەت کار بکەن، ناکرێت بانگەشەی کەرتی تایبەت بکەین و تادێت حکومەت گەورە تر بکرێت.

گەڕان بەدوای قازانجی خێراو نەبوونی متمانە بەداهاتووی هەرێمەکە دۆخێکی وای لێکەوتۆتەوە لەو ٨٠ هەزار ئەندامەی باسمان کرد زۆرینەی روو بکەنە کەرتی بازرگانی و بەڵێندەرایەتی، واتە ئەندامانی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان زیاتر بازرگانن، گەر بمانەوێت بیزنسکارانی کوردستانی فێری ئەوەیان بکەین روو بکەنە کارگەو کەرتی بەرهەمهێنان، ئەمەش تەنیا بەو ڕێگایانە جێبەجێ دەکرێت کە ئیمتیازاتی زیاتر بدرێتە کارگەو کارخانەکان نەك سوپەرمارکێت. من لەگەڵ ئەوەتا نیم بازرگانەکان تۆمەتبار بکرێن بەوەی بە کاڵاو کەلوپەلی وڵاتانی دەوروبەر کوردستانیان نغرۆی بەرهەمی خراپ کردووە، لە هەرێمێکدا توانای بەرهەمی ناوخۆیی نەبێت، ناچار بازرگانەکان روو دەکەنە هێنانی کاڵاو کەرەستەی خۆراکی دەرەوە.

لەهەموو توێژو چینێکدا کەموکورتی هەیەو کەسانی دوور لەهەستکردن بەبەرپرسیارێتی و دوور لە ئینتیمای نیشتمانپەروەریی بۆ دەستکەوتنی بەرژەوەندی تایبەتی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی بارودۆخە ئاڵۆزەکان دەقۆزێتەوە، ئەرکی سەرجەم هاوڵاتییان و بەڕێوەبەرایەتییە پێوەندارەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە رووبەرووی ئەو کەسانە ببنەوەو سزای توندیان لەسەر دابنرێت.

**دکتۆر نەبیل ئەلعەزاری پسپۆری بواری بەڕێوەبردنی بیزنس و دانوستاندنە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان:**

# بیزنسکارانی کوردستان لەبەردەم تەحەددایەکی گەورەدان

دکتۆر نەبیل عەزاری پسپۆری بواری بەڕێوەبردنی بیزنس و دانوستاندنە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان، شارەزایی لە بەکارهێنانی سەرمایەی مەعریفە هەیە بۆ بڕیارە ستراتیژییەکان، ناوبراو ئێستاکە بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی وتووێژو لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانەو بەرپرسە لە ئامادەکردنی چەند ستراتیژییەتێك بۆ کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووری کوردستان، لەگفتوگۆیەکی گوڵاندا چەند سەرنج و تێبینیەکی خستەروو تایبەت بەبارودۆخی بیزنس لەهەرێمی کوردستان و ئاماژەی بەو مەترسییانەش کرد، کە دێنە بەردەم کەرتی تایبەت و ژینگەی وەبەرهێنان لەم هەرێمەدا، دکتۆر نەبیل پێی وایە قەبەیی حکومەت و ژینگەی وەبەرهێنان گرنگترین ئەو مەترسییانەن کە رووبەرووی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەرانی بیانی بوونەتەوەو شوێنەواری خراپی بۆ سەر بیزنسکاران هەبووە، لەغیابی نەبوونی ستراتیژیەتێکیش بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان ئەوەندەی تر کەرتی بیزنس لەگەشەکردن خاو بۆتەوە.

بەمشێوەیە گەرچی کەرتی تایبەت و بیزنسکاران لە هەرێمی کوردستان بەبەراورد بە ٥-١٠ ساڵی پێشوو یان ناوچەکانی تری عێراق لە ئاستێکی باش و پێشکەوتوون، بەڵام بەراورد بەستانداردە نێودەوڵەتییەکان لە ئاستێکی باشدا نییە و، رووبەڕووی چەندین تەحەددیی و ئاستەنگ بۆتەوە، راستە لەهەرێمی کوردستان داهاتی تاکەکەسی بەرزەو بەکارهێنان و بەکاربردن زیادیکردووەو سامانەکان وەبەرهێنانیان تێدا دەکرێت، بەڵام زۆر لەکێشەو ئاستەنگە یاسایی و کارگێڕییەکان دۆخێکی ژینگەیی خراپی بۆ وەبەرهێنان و بیزنسکاران لێکەوتۆتەوەو پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە،



ئەمە لەکاتێکدا ئابووری هەرێمەکە بەرەو ئابووری بازاڕ دەچێت، کەچی زۆر لەکێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان ئەربیل و بەغدا یەکلانەکراوەتەوە...

لەعێراق بەگشتی و تارادەیەکیش لەهەرێمی کوردستان بیزنسکاران بەگومان و دوو دڵییەوە روو دەکەنە وەبەرهێنان، هاتنی بیزنسکارانی بیانی و ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەچەند ساڵی رابردوو زیادیکردووە، بەتایبەت دوای دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان کە هەنگاوێکی باش و گەورە بوو بۆ ئەو قۆناغە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی، کە وایکرد خواست و پێداویستی لەسەر شوێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییەکان و گواستنەوەو گەیاندن و کاڵاو کەرەستە خۆراکی و بەکارهێنان و خواردەمەنییەکان زیاد بێت، کەواتە کێشەکە لەکوێدایە؟

## حکومەت کەرتی تایبەت شکست پێ دەهێنێت

پێم وایە بیزنسکارانی کوردستان رۆڵی سەرەکیان نییە لە ئابووری هەرێمدا، تەنانەت تاکو ئێستا کەرتێکی بەرهەمهێنی راستەقینە نییە، ئەوەتا وەبەرهێنەرانی ناوخۆو دەرەکی بەجیددی روویان لەکشتوکاڵ و پیشەسازی و بوارەکانی بەرهەمهێنان نەکردووە، ئەوەی زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە بوونی کەرتێکی حکومی فراوان و قەبە، بەرادەیەك کارو وەزیفەی حکومی هەلێکی گونجاو لەباری بۆ کەسی رۆژهەڵاتی دروستکردووە، بە پارەیەکی باش بێ ئەوەی بەرهەمهێن بێت و تواناو ئیلتیزاماتی لەسەر بێت لەژیان و دوای ژیانیش زامنی دەستکەوتنی پارەیەکی باشی دەکات، تەنیا کارێك لەسەری سەپێنرابێت پابەندبوونێکە بە دەوامی رەسمییەوە، ئەم دۆخە وایکردووە تاکەکانی ناوکۆمەڵگا حەزیان لەدامەزراندن بێت لەناوحکومەتدا و دووریش دەکەوتنەوە لەکەرتی تایبەت. بەمشێوەیە زۆربەی تواناکان روویان لەدەزگاحکومیەکان کردووە، کەرتێکی بێبەرهەم و لاواز لە داهێنان و لەناو لەشکرێك لە فەرمانبەرو کارمەندی کەم ئەزموون، ئەمەش دۆخێکی وای لێکەوتۆتەوە کەرتی تایبەت بەدەست نەبوون و گرانی نرخی کەسانی پرۆفیشناڵ و لێهاتووەوە گیرۆدە بن، گەر ئەو ڕێکەوتە نەبووایە کە وایکرد لەناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە کوردو عەرەبێکی زۆر لە توانا جۆراوجۆرەکان روویان کردە هەرێمەکەو دەستی کاری پێویستیان بۆ کەرتی تایبەت زامن کرد، تەنانەت لە پیشەو توێژە جۆراوجۆرەکانەوە کەسانێك هاتنە هەرێمی کوردستان و روویان کردە پرۆژەی بچووك وەبەرهێنان، بەتایبەت بیزنزکارەکانی ناوچەکانی خواروو ناوەڕاستی عێراق.

## نەبوونی ستراتیژ هەلی زۆری وەبەرهێنانمان لە دەست دەدات

دکتۆر نەبیل عەزاری سەبارەت بەنەبوونی ژینگەیەکی تایبەت بەوەبەرهێنان پێی وابوو تاکو ژینگەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان دروست نەبێت، هەموو هەوڵەکانی راکێشانی وەبەرهێنان لە هەرێمەکەدا لەدەست دەدات، ئەوەتا بیروکراتیەتی کوشندەو رۆتین و قەبەیی حکومەت و کۆنی زۆر لەیاساکانی کارو بیمەی کۆمەڵایەتی و موڵکییەت و دەیان

**تەنیا لەساڵی رابردوودا ١٧٠٠ کۆمپانیای خۆماڵی و ١٥٣ کۆمپانیای بیانی لقیان لەهەرێمی کوردستان کردۆتەوە**

**زیادبوونی وەبەرهێنانی ناوخۆیی هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ئاڵوویرە بازرگانییەکانیش لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بۆ زیاتر لە٢٠ ملیار دۆلار کە هەریەک لە تورکیا بە ١٠ ملیارو ئێران بە ٧ ملیار دۆلار بەشدارن**

یاسای کۆنی تر هەمووی ئاستەنگ و بەربەستی لەبەردەم گەشەکردنی وەبەرهێنانی لێکەوتۆتەوە، بۆنموونە کاتێك بیزنزکاریی بیانی روو لە هەرێمەکەی کوردستان دەکەن کە هەموو پێداویستیەکانی وەبەرهێنانی تێدا زامن کرابێت وەکوو: یاسای نوێی وەبەرهێنان و یاساکانی تری تایبەت بە کارونیشتەجێبوون و باج و رسومات لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان نزیك بن لەیەکترەوە دواتر پێداویستییەکانی ژێرخان و خزمەتگوزاری تێدا دابین کرابێت.
ئەزموونی هەریەك لە توونس و میسرو سعودییەو ئیمارات و چەندین وڵاتی تر لە ناوچەکەدا بۆ ئێمەی کوردستانی گرنگە، ئەو وڵاتانە بەجیاواز لەوەی وڵاتی بەرهەمهێنی نەوتە یان رووی لەکەرتی گەشتوگوزارو بازرگانی و پیشەسازی کردووە، بەڵام لە ئەزموونی وەبەرهێناندا هەمووی لە خاڵێکدا یەك دەگرنەوە، ئەویش دابینکردنی سەرجەم پێداویستییە خزمەتگوزارییەکان و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانە.

## پێشخستنی کەرتی تایبەت و هاتنی وەبەرهێنەر

مەرج نییە سەرجەم پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان بە پرۆژەی گەورەو ستراتیژی ناو ببرێت، ئەو پرۆژەو کارانەی خەسڵەتی ستراتیژییان هەیە پێویستە خاوەنی چەند بنەمایەك بن، سەرەتا دەبێت لە قۆناغی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری تێپەڕی بێت، دواتر بەبوارەکانی توێژینەوەی سوودی ئابووری و دیزاین و قۆناغەکانی جێبەجێکردنا بڕوات، لەمانەش گرنگتر توانای کێبرکێی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە هەبێت. لێرەدا دەبێت بەهاوشێوەی وڵاتانی جیهان هەریەك لە پێشخستنی کەرتی تایبەت و راکێشانی وەبەرهێنان لەیەکتر جیاواز بێت، یەکەمیان مەرج نییە راکێشانی وەبەرهێنان لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە بەڕێوە بچێت، دەستەی وەبەرهێنان ئەرکی راکێشان و هاندانی وەبەرهێنانی بیانین، پێویستە پێشخستنی کەرتی تایبەت و راکێشانی وەبەرهێنان وەکوو دوو کاری جیاواز سەیر بکرێت و چیتر رووبەری فراوانی زەوی نەبەخشرێتەوە بەسەر بیزنزکارانی ناوخۆو بیزنزکاری بیانیش لەم ئیمتیازو دەستکەوتانە بێبەش بن .

**پەیڕەوکردنی فەلسەفەو سیاسەتی ئابووری بازاڕ وایکردووە ژمارەی بازرگان و پیشەسازیکاران لە هەرێمدا بۆ ٨٠ هەزار کەس زیاد بکات**

**لەمانگی تەمووزی داهاتوو کۆنفرانسێکی فراوان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی بازرگان و پیشەسازیکاران و بەڵێندەرایەتی و گەشتوگوزار لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێت**

# بۆ جاری سێیەم هەفتەنامەی گوڵان ڕێزی لێنرا



لەیادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی و رۆژی جیهانی ئازادی رۆژنامەگەری، رێکەوتی ٣- ٥ لەهۆڵی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان و بە ئامادەبوونی کاوە مەحموود وەزیری رۆشنبیری و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو مەلا فەندی راوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دارا جەلیل خەیات سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاوی نوێنەرانی کۆمپانیاو کەناڵەکانی راگەیاندن، لقی هەولێری یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەیەك لەکەناڵەکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسانی تایبەت بەبواری ئابووری خەڵاتکرد.
لەو مەراسیمەدا وێڕای نیشاندانی فیلمێکی تایبەت بە مێژووی رۆژنامەگەری کوردستانی وەزیری رۆشنبیری پیرۆزبایی ئاراستەی رۆژنامەنووسان کردوو تەئکیدی لەسەر ئەو رۆڵە گرنگەی رۆژنامەنووسان کردەوە لەسەرجەم بوارەکانی ژیان بەتایبەت لەبواری پەرەپێدانی ئابووری و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان، دواتر پارێزگاری هەولێر دەستخۆشی لەو هەوڵانە کرد کە رێزو ستایش ئاراستەی رۆژنامەنووسە بوێرو چالاکەکان دەنرێت، ئومێدی خواست رۆژنامەنووسەکان رۆڵی زیاتریان لەبواری پەرەپێدان و پێشخستنی ئابووری کوردستان و گەشەکردنی هەرێمەکە هەبێت، لەتەوەرەیەکی تری مەراسیمەکەدا دارا جەلیل خەیات سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان وێڕای پیرۆزباییکردنی رۆژنامەنووسان و بەرز ڕاگرتنی رۆژی جیهانی بۆ ئازادی رۆژنامەوانی پێوابوو ئەو رێزلێنانەی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان کارێکی کەمە بەرامبەر ئەو ماندوو بوون و رووماڵکردنەی هەواڵ و راپۆرت و ریپۆرتاژە ئابوورییەکان کەهەریەك لەو رۆژنامەنووسانەی ئەمڕۆ ڕێزیان لێ دەنرێت ناویانە. عەبدولواحید تەها لێپرسراوی بەشی راگەیاندن لەیەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان لە وتەیەکدا ئاماژەی بەکارو چالاکی بەشەکەیان کردوو دەستخۆشی لەو رۆژنامەنووسانەش کرد کە لەمەراسیم و رووداوو کارو چالاکی و وێستگە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەیی بەرچاویان هەبووە.
مەراسیمەکە کۆتایی هات بەپێدانی خەڵات و رێزلێنانی ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندن، کەهەریەك لە هەفتەنامەی گوڵان و رۆژنامەنووس و ئابووریناس شەماڵ نووری لێپرسراوی بەشی ئابووری بەرامبەر ئەو کاروانە دووردرێژەی کە لەبواری رۆژنامەگەری ئابووری ڕێزیان لێنرا. ئەمەش بۆ جاری سێیەمە هەفتەنامەی گوڵان رێزی لێدەنرێت دوای ئەوەی لەیادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی دا بەشی ئابووری و بەشی وەرزش بەجیا لە دوو مەراسیمی تردا رێزیان لێنرا.

لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری
Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com
Mobile: 07504512761